# عەبابەیلێ ، توێژینەوەیەکی مرۆڤناسی لەنەسەقی کۆمەڵایەتی
# ( عەبابەیلی، دراسة أنثروبولوجية في النسق الإجتماعي )

**بهاالدين فرج محمود[1]**

[1] بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: Bahaaldin.mahmood@uoh.edu.iq

## پوختە

عەبابەیلێ، توێژینەوەیەکی مرۆڤناسی لەنەسەقی کۆمەڵایەتی، توێژینەوەکە لەسەر گوندی عەبابەیلێ یە، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجیە، لەسەر نەسەقی کۆمەڵایەتی، ئەم گوندە مێژوویەکی دێرین وپێگەو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەسنورەکەدا، لەڕووی سیاسی وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیریەوە، لەم توێژینەوەدا ،باس لەپێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان کراوە، هەروەها کاریگەری ئەم نەسەقە لەسەر نەسەقی سیاسی وئابوری وبونیادە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە خراونەتە ڕوو، بۆئەمەش بونیادی وەزیفی بەکارهێنراوە، مەبەستمانە کە بەشەکانی نەسەقی کۆمەڵایەتی وگۆڕانکاریەکانی ڕوون بکەینەوە، وەك هاوسەرگیری ونەریتەکانی، خێزان وجۆرەکانی، هەروەها خزمایەتی وکاریگەری لەسەر نەسەقەکانی دیکە.

لەئێستادا، بونیادی گوندەکەو نەریتەکانی، گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە، وەك لەئەنجامەکاندا ئاماژەی پێدراوە،ئەویش نەمانی نەریتە باوەکانی پرۆسەی هاوسەرگیریە، نەمانی چینایەتی کۆمەڵایەتی لەناو گوندەکەدا ولەدەستدانی زۆرێك لەزەوی وزاری گوند بەهۆی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەسنوری پارێزگای هەڵەبجەدا، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، پەیوەندی خزمایەتی وکۆمەڵایەتی وەك خۆیان ماون وگۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

**کلیلە وشە:** ئەنترۆپۆلۆجی، نەسەقی کۆمەڵایەتی ، خزمایەتی، هاوسەرگیری.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Bahaaldin.mahmood@uoh.edu.iq |



| | |
|---|---|
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ م.ی.بهاالدین فرج محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

هذا البحث عن قرية (عبابيلى)، وهو بحث فى علم الانسان فى نسق إجتماعى. وقرية (عبابيلى) ،كان لها تأريـخ عريق ومكانة ودور ماثل للعيان فى المنطقة من الناحية السياسية والاجتماعية والثقافية، وعرضنا فى البحث الحديث عن التكوين وتأثير هذا النسق على الانساق الاخرى كاالنسق السياسى والاقتصادى والمكوناته الاجتماعية ،ولاجل ذلك استخدمنا نظرية البناء الوظيفى وقصدنا أن نوضح أقسام النسق الاجتماعى ومتغيراته مثل الزواج وتقاليده مع الاسرة وأنواعها وصلة القرابة وأثرها على الانساق الاخرى.

فى الوقت الحاضر، هناك تغيرات كبيرة جرت على مكونات القرية وعاداتها كما أشير اليه فى النتائج وهى إنقراض العادات المتعارف عليها فى مراسيم الزواج ،وكذالك إنقراض التدرج الطبقى الاجتماعى فى القرية،وتلاشى مساحات من أراضيها بسبب إستخدامها فى المشاريع الخدمية فى حدود محافظة حلبجة، ورغم هذا،فإن العلاقات الاجتماعية وصلة القرابة باقية على حالها ولم يطرأ عليها تغيير يذكر.

كلمات مفتاحية: علم الانسان، النسق الاجتماعى، القرابة، الزواج.

## Abstract

The research is about Ababayle village, which is an Anthropological research about social system. This has had along history with a great position and role in the distrist In this research it deals with social system in the political , social and culturals filds ,and also the impacts of this system on the other political economical and social components are an plained for this reason functional contraction theory is used ,we intend to explain social system and its changes. Like marriage process and its customs with family and its types in addition to relationship and its influence on the other systems.

The components and tradition of the village have recently been changed greatly, as it is declared in the conclusion such as vanishing marriage customs and the inextente social classification in the village and losing lots of its land because of service project in Halabja province border. In spite of all social relation and relationship as before and has not witnessed area change.

**Keywords:** Anthropology, Social system, Kinship, marriage.

## پێشەکی

توێژینەوە وەك یەكێك لە ئامرازە زانستیەكان، كار لەسەر دەرخستن ورووونكردنەوەی ڕاستی ودروستی بابەتەكان دەكات، یەكێك لەوبابەتە بایەخدارانەی توێژینەوە، گۆڕانكاریە كۆمەڵایەتی وكلتوریەكانی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراوە بەپێی تێپەڕبوونی كات، لەزانستە كۆمەڵایەتیەكاندا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەكرێت...هەركەسێك وەك تاكێك لەناوكۆمەڵگەدا ناچونیەكە، بۆیە توێژەری ژێر چاوەڕوانی ئەوە نەكات، بگاتە هەمان ئەنجامی توێژینەوەیەكی دیكە كەپێشتر ئەنجام درابێت (ماتیوز ،٢٠١٦، ٥٤)، بونیادنانی مەعریفەی زانستی لەسەر بەرهەمە لۆژیكی وئەزمونیەكان بونیادنراوە (فرانكفورت وناشمیاز، ٢٠٠٤، ٣١ )، ئەم توێژینەوەیە (عەبابەیلێ، توێژینەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆجیە لە نەسەقی كۆمەڵایەتی)دا، یەكێكە لەو توێژینەوانەی كە بەرێگایەكی زانستیانە ،هەوڵی ڕونكردنەوەو دەرخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی وگۆڕانكاری پەیوەندیەكانیان دەدات. هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم گوندە ،لەڕووی كۆمەڵایەتی وپێكهاتەی دانیشتوان و پێگەی ئاینی و ڕۆڵی سیاسی وڕۆشنبیری، تارادەیەك لەهەندێك لەگوندەكانی دەوروبەری هەڵەبجە جیاوازە، هەروەها دانیشتوانەكەی سەربە هیچ عەشیرەتێك نین ،بەڵكو سەربەخۆن وبەناوی گوندەكەیانەوە ناودەبرێن، لەڕووی سنوری جوگرافیەوە زۆرفراوان بووە، بەڵام لەئێستادا

تەواوی زەوی وزارەکانی کەوتونەتە سنوری ئاوەدانی پارێزگای هەڵەبجە، تەنها سنوری خودی گوندەکە ماوەتەوە ، ئەویش نزیکە ببێتە بەشێك لەگەڕەکەکانی سنوری هەڵەبجە، وتایبەتمەندی خۆی وەك گوندێك لەدەست بدات، کێشەی بەردەم ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەوەدایە، هیچ سەرچاوەیەك نیە ڕاستەوخۆ تایبەت بێت بەباسکردن لەم گوندە ، بەڵکو بە شێوەیەکی پەرش وبڵاو لەهەندێك سەرچاوەدا ئاماژە بەبوارێك یان کەسایەتیەکیان کراوە ، ئەویش بەشێوەیەکی کورت و ناڕوون، کەمی دانیشتوان لە گوندەکەدا کەزانیاری ووردو بابەتیانەی لەلاهەبێت ،بۆیە بێجگە لە دانیشتوانی ناوگوندەکە ،پەنا براوە بۆ ئەوانەیان کە لە دەرەوەی گوندەکەدا نیشتەجێن، یان بەشێك لەشارەزایان ورۆشنبیران کە لەم بوارەدا بەدواداچوونیان هەیە وشارەزان ، ئەوەش بارگرانیەکی زیاتری بۆ توێژەردروست کردبوو، کێشەیەکی دیکە ناوی (عەبابەیلێ) لە تەواوی سەرچاوە عەرەبیەکاندا بە(قریة أباعبيدة) ناوبراوە، بەهۆی بوونی گۆڕی هاوەڵێکی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، بەناوی (أباعبيدة الانصاري)، لەتوێژینەوە کەداپشت بەتیۆری (بوونیادی ئەرکێتی) بەستراوە، هەروەهاپشت بەستن بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەك :(بینین، بینین بەهاوبەشیکردن، چاوپێکەوتن) دەبەستێت،ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم گوندەیە، لەڕووی پەیوەندیەکان وپێکهێنانی ژیانی خێزانی وجۆرەکانی خێزان، هەروەها چینە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیەکانی نێوانیان ،لەڕووی هاوسەرگیری، چۆنیەتی ئەنجامدانی بۆنەجیاوازەکانی گوندەکە وسیستەمی خزمایەتیان ،ڕۆڵی دەزگای کۆمەڵایەتی لەڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی گوندەکەدا،هەموو ئەمانە بەشێکی سەرەکی نەسەقی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکن.

## بەشی یەکەم:

## زاراوەکانی توێژینەوەکە:

١- نەسەقی کۆمەڵایەتی (النسق الإجتماعی) (Social System): لەدووکەس یان زیاتر پێکهاتووە، کارلێك و پەیوەندی لەنێوانیاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ بوونی هەیە، لەسنوروهەرێمێکی دیاریکراودا (الحسن، ١٩٩٩، ٦٣٧)، تالکوت پارسونز لای وایە نەسەقی کۆمەڵایەتی گرنگیەکی زۆری هەیەلە تێگەیشتن لەسیستەمی کۆمەڵایەتی، ئەم نەسەقە دەناسێنێ بەوەی ،کۆمەڵە کەسێکن لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراو دانیشتەجێن، لەباروودۆخێکی کارلێکردن وپەیوەندی هەمیشەییدان،هاوکاری یەکترن بۆبەدەستهێنانی بەختەوەری وخۆشگوزەرانی( هەمان سەرچاوە ، ٦٣٨)نەسەق لەکۆمەڵە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە بەستراوکە تەواوکەری یەکترن پێکهاتووە (سلیم، ١٩٨١، ٩٠٣).

## ٢- ئەنترۆپۆلۆجی (الانثروبولوجيا) (Anthropology):

لەهەردوو زاراوەی یۆنانی(Anthropos)واتە مرۆڤ، (Lagos) واتە زانست وپێکەوە (زانستی مرۆڤ)کە کراوەتە مرۆڤناسی (هەمان سەرچاوە ، ٥٦)، یەکێکە لەزانستە مرۆییەکان، گرنگی بەتوێژینەوەی مرۆڤ دەدات ،لەڕووی قیەمەکانی (جوانی، ئاینی، ڕەوشتی، ئابوری،کلتوری وکۆمەڵایەتی)بابەتی سەرەکی دیاریکردن یاساگشتیەکانی ژیانی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا (تیلوین، ٢٠١١، ٢٠-٢٢). بەگشتی مرۆڤناسی زانستی توێژینەوەی مرۆڤی سروشتی و کۆمەڵایەتی و شارستانیە.

## بەشی دووەم:

## ١- کورتەیەك لەسەر گوندی عەبابەیلێ :

عەبابەیلێ (أباعبيدة) (Ababayle): یەکێکە لە گوندەکانی سەربەپارێزگای هەڵەبجەی شەهید، لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بەناحیەی سیروانە. (غەفور، ٢٠٠٣، ٣٣٩) ،دەکەوێتە بناری چیای شنروێ لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجەدا، لەتەواوی سەرچاوە عەرەبیەکاندا بە (قریة أباعبيدة) ناوبراوە، لە ناحیەی سیروان لەقەزای هەڵەبجە،لەسەرەتای شوێنە ئیسلامیەکاندا هاتووە، لەگۆڕی هاوەڵان ئەبوعوبەیدەی ئەنصاریەلە گوندی ئەبوعوبەیدە . (النقشبندی ، ٢٠١٦، ١٨٠)، لەئێستادا تەنها (١٧)ماڵ بەهەمیشەیی تیایدا دەژین ژمارەیان (٧٦) کەسە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(٣٧) لەڕەگەزی مێیە، (٣٩) لەڕەگەزی نێر،یەك قوتابخانەی تێدایە،بنكەی تەندروستی و پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی بۆ نەكراوە(شێخ ڕەشید، فاروق كمال، چاوپێكەوتن ،٣جانوەری،٢٠٢٢)، دانیشتوانی گوندەكە دەڵێن: ئەم گوندە لەكۆندا ناوی (سازگار)بووە، شوێنی گوندیش لەبەردەم مەرقەدی ئەبو عوبەیدەدا بووە لە سەردەمی ساسانیەكاندا ئاوەدان بووە ، زۆر شوێنەوارو پاشماوەی ئەو كاتەیان لەو شوێنەدا دۆزیوەتەوە، هەندێكیان لەمۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون وهەندێكی دیكەیان براونەتە بەغداد (مصطفی ،حسن عبدالله، چاوپێكەوتن، ١٨ئۆكتوبەر،٢٠٢١)، بەڵام لەدوای جەنگی موسوڵمانان لەگەڵ ساسانیەكاندا، ئەم هاوەڵەی پێغەمبەری ئیسلام (أباعبیدة الانصاری) دەكوژرێت، لەدامێنی چیای (شنروێ) ئەینێژن لەنزیك (هەڵەبجە)، كەئێستا بۆتە دێ – عەبابەیلێ- ، (كوردستانی، ٢٠٠٧ ، ١٥١)، بەهۆی كورتكردنەوەی ناو لەناو كورددا، ناوەكە بەتێپەڕ بوونی كات بووەتە (عەبابەیلێ)، هەندێكی دیكەیان تەئكید لەوە دەكەنەوە، گۆڕی پیاو چاكێك بووە بەناوی (ئەبوعوبەیدە) ، سەركردەیەكی سوپای ئیسلام بووە، لە جەلەولاوە نێردراوە بۆ جەنگ دژی ساسانیەكان ،لێرەدا كوژراوە و بەخاك سپێردراوە،نەك ئەوەی (أبا عبیدة الانصاری)یان (أباعبیدة الجراح)بێت. (شێخ كەریم، كاوان حەمەسەعید، چاوپێكەوتن ٢٠، ئۆكتۆبەر ،٢٠٢١).

## ٢- سیستەمی كۆمەڵایەتی عەبابەیلێ :

كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خاوەنی چەندین سیستەمی تایبەت بەخۆیەتی،هەموویان كاریگەری وهاوبەشی لەنێوانیاندا هەیەو كاریگەریان لەسەر یەكتری دەبێت، پێك دێت لە كۆمەڵە دەزگایەك( institution)كەپێكەوەبەستراون ،لەڕاستیدا دەزگاكان چەند بنەماو یاسایەكی ڕێكخەری كردارەكانن كە كۆمەڵەكە پێویستی دەكەن لەسەر تاكەكانیان وڕێكدەكەون لەسەری بەو تێڕوانینەی كە یەكەیەكی بونیادە كۆمەڵایەتیەكەیە.(حمادة،٢٠١٠ ، ١٠٧)،نەسەقە كۆمەڵایەتیەكان لەیەك پلەدا نین لەڕووی تەواوی و جێگیریەوە، بەڵكو جیاوازی لەنێوان نەسەقەكان وشێوازی گونجانیان لەگەڵ گرفت یان سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەكیەكان هەیە (مرسی ،٢٠٠١، ١٨٧). هەموو نەسەقەكان ئەرك و فەرمانێك جێبەجێ دەكەن، بەبۆچونی (رادكلف براون) نەسەقەكان ئەرك و فەرمانەكانیان هۆكاری بوونیانە، هەبوونی ئەم نەسەقانە بۆ پارێزگاریە لەگشتە كۆمەڵایەتیەكە (إريكسون، ٢٠١٣، ٧٤).

هەركۆمەڵگەیەك، كۆمەڵێك بونیادو ڕێكخستن وسیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە،ئەو بونیادو سیستەمە جیاوازانە سیفات و تایبەتمەندی كۆمەڵگاكە دیاری دەكەن وجیاكاری نێوانیان دەردەخات،ئەویش بەپێی شێوەی پەیوەندیەكان وڕێگاكانی ڕەفتاری هاوبەش كەبڕیاریان لێداوە ،مالینوفسكی سیستەمی كۆمەڵایەتی دەناسێنێ بەوەی ،چەند یەكەیەكی مرۆیی چالاك وڕێكخراوە...،ئەم سیستەمانەش تەنها ڕەفتارنین، بەڵكو ئەوبنەمایانەش دەگرێتەوەكە تەحەكوم بەسەر ڕەفتارەكاندا دەكات (أبوزيد، ٢٠١١ ، ١٢٤-١٢٥)، لێرەوە كۆمەڵە پەیوەندییەكی ئامانجدار لە سیستەمەكەدا دروست دەبێت، كەبەردەوامی وجێگیری بەو كۆمەڵگەیە دەبەخشێت، لادان لەئامانجەكان كار لەپەیوەندی وجێگیری كۆمەڵگەكە دەكات، ئەمەش پابەندی كۆمەڵایەتی لای تاكەكانی سەر بەو سیستەمە زیاتر دەكات لەناو كۆمەڵگەكەدا،یەكەكان لەهەربەشێكدابێت كاریگەری دەبێت، ئایا سیستەمی خزمایەتی هاوسەرگیری، ئابوری یان سیاسی بێت، بۆیە هەریەكەیەك لەناو سیستەمەكەدا تەواوكاری ئەوی دیكەیانە، كاریگەری لەسەرتەواوی كۆمەڵگەكە دەبێت، لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا (عەبابەیلێ) سیستەمەكانی كۆمەڵگە ،پەیوەندیەكی تەواو كاریان پێكەوە هەیە، هەرچەندە جیاوازی چینەكانی كۆمەڵگە لەم گوندەدا بەئاشكرا هەبووە،ئەمەش خەسڵەتی جیاواز دەدات بەبەیەكدا چوونی یەكەكانی خزمایەتی و هاوسەرگیری وئابوری و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەو كۆمەڵگەیەدا، هەموو ئەمانە پێكەوەگرێدراون و كاریگەریان لەسەر یەكتری زۆر بەئاشكرا دەبینرێت، چونكە ئاسەوار لەسەریەكەكانی پێكهێنەری سیستەمە كۆمەڵایەتیەكە دروست دەكات، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی بابەتەكە باس لە چەند نەسەقێك دەكەین:

## ١- هاوسەرگیری Marriage :

لیفی ستراوس سەیری هاوسەرگیری دەکات، وەك ئەوەی کە لەناوەرۆکدا نەسەقێك بێت بۆ پەیوەندی، کەکارلە ئاستی عەقڵی لاشعوردا دەکات ،لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ولەسیستەمی هاوسەرگیریدا (یتیم، ٢٠١٦ ، ١٤٠) لە کۆندا هاوسەرگیری لە ناو کوردا بەڕەزامەندی باوك و سەرۆك خێڵ وکوڕو کچ خۆیان بووە (کوردستانی، ٢٠٠٧ ، ٧٥)،ئەمەش بڕیارو دانپێدانانێکی کۆمەڵایەتیە، هاوسەرگیری سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جەوهەریە (أبوسعد، ٢٠١٤، ٣٣)، چەندئەرك و فەرمانێکی کۆمەڵایەتی دیکەی لەئەستۆدایە (الجوهری ، د.س. ط ، ٢٦٣)، بۆیە پرۆسەی هاوسەر گیری ،یەکێکە لە ئەساسیاتی نەسەق کۆمەڵایەتی.

پرۆسەی هاوسەرگیری لەعەبابەیلێدا، تایبەتمەندی خۆی هەبووەو گرنگی خۆی پێدراوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاستە کۆمەڵایەتیەکان لەم پرۆسەیەدا لەبەرچاو گیراوە، عەبابەیلێ لەدووچین پێکهاتووە بنەماڵەی شێخان ،کە ئەسڵیان بەرزنجیە لەسەردەمی عەبباسیەکاندا ئاوارەکراون وپەرش وبڵاوبون بەناوچە جیاوازەکاندا،یەکێك لەو شوێنانە ناوچەکانی هەڵەبجە بووە ،لە گوندەکانی تاوێرەو سازان و عەبابەیلێدا نیشتەجێبوون، پێکهاتەی دووەم بنەماڵەی چاوەشیەکانن، ئەمانە بەپێی ووتەی شێخەکانی عەبابەیلێ ،ئەسڵی دانیشتوانی گوندەکەن و لەپێش شێخانەوە لە عەبابەلێدابوون (شێخ کەریم، کاوان حەمەسەعید، چاوپێکەوتن ،٢٠ئۆکتۆبەری،٢٠٢١ )، پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان ئەم دوو ئاستەدا ڕێگەی پێ نەدراوە لەکۆندا، ئەمەش کێشەی هاوسەرگیری بۆچەند کوڕو کچێك لەوکاتانەدا دروست کردبوو، چینەکان لەنێوان خۆیاندا دەبوو هاوسەرگیری بکەن، بەڵام لەئێستادا ئاساییەو چەندین هاوسەرگیری لەنێوانیاندا ئەنجامدراوە، زۆرجاردەبوو لە هاوسەرگیری دەرەوەی خۆشیاندا ڕەزامەندیان بدایە،ئەگەر ئەوماڵەی کچەکەیان داواکاری بهاتایە ولەدەرەوەی گوندەکەشدا نیشتەجێ بوبن،پێویست بوو بچونایەتەوە بۆ گوندی عەبابەیلێ، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرپرسی یەکەمی گوند کەشێخان بوون ،ئەگەر وایان نەکردایە بەبێڕێزیکردن بەرامبەریان سەیریان دەکرد، ئەمەش بەرپرسیارێتی دەخستە سەرشانی ماڵی کچەکە، چونکە توشی گرفت وسزا دەبوون، پرس نەکردن بەشێخان دەگمەن ڕوویداوە کە هیچ کچێکی گوند بەبێ ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی گوند توانیبێتی هاوسەرگیری کردبێت (هەواڵدەری ، ٥مارچ ،٢٠٢٢، هەڵەبجە) ،دوای ڕەزامەندی وەرگرتن پاشان پرۆسەکە بەڕێوە دەچوو، چونکە جیاوازیە چینایەتیەکانی نێوان بەگ وشێخ لەگەڵ خەڵکە گشتیەکەدا ،لەسەردەمانێکدا لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا زۆر پەیڕەوی لێ دەکرا وبەگرنگ سەیری دەکرا، بۆیە لەو سەردەمەیشدا وەك ناوچەکانی دیکەی کوردستان،لەم گوندەدا شێخان بەجیاواز تێڕوانینی زۆر بەگرنگ دەزانرا، هەتا ڕێزگرتنیان لەئاستێکدابوو هەرکات کەسێکیان بگەیشتایە بەکەسێك لەشێخان، دەستیان ماچ دەکردو هەڵدەستانەوە لەبەری هەتا ئەو کەسەلە شێخان دانەنیشتایە ،ئەوا ئەوانەی لەخەڵکە گشتیەکەبوون دانەدەنیشتن، ئەگەر کەسێك هەستیان بکردایە ڕێزگرتنی لاوازە وڕێز پیشانی کەسە دیارەکانی ناوبنەماڵەی شێخان نادات، ئەوا لەڕێگەی پیاوەکانی شێخانەوە ئیهانەی پێ دەکرا، هەندێکجار دەگەیشتە لێدان وسوکایەتی پێکردن (هەمان سەرچاوە)، بەڵام لەئێستادا ئەو پەیڕەوکردنە هەتا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بوونی نەماوە.

پرۆسەی هاوسەرگیری ،بەوە دەستی پێدەکرد کە کوڕوکچ یەکتریان بەنهێنی دەبینی،پاشان کەسێکی کوڕ بەدایکی کچەکەی دەوت،دوای وەڵامدانەوەی بەئەرێنی، دەچوون بۆ خوازبێنی کە پێیان دەگوت (هێجبی)، ماڵی کوڕ نوقڵ وخورماو گوێزیان تێکەڵ دەکردو دەیانبرد بۆ ماڵی بووك، ئەگەر کارەکە سەرکەوتوبوایە، لەکاتی گەڕانەوەدا برای زاوا یان ئامۆزای زاوا، بەتوندی چەپڵەی لێدەدا وبەدەنگی بەرز هاواری دەکرد: سوپاس بۆخوا گوێزەبانەکەمان سەرکەوتووبوو ، گوێزەبانە لەکاتی خوازبێنی کچەکەدا کۆمەڵێك شیرینی دەبرا بۆ ماڵی کچ، کە خورماو نوقڵ و گوێز یان هەرشیرینیەکی دیکە ،ئەگەر ماڵی کچەکە بەداواکاریەکە ڕازی بونایە قبوڵ دەکرا واتە کاری هاوسەرگیریەکە تەواو سەرکەوتو بوو، هەندێکجار ئەگەر کارەکە سەرکەوتوو نەبوایە،ماڵی کچ گوێزەبانەکەی بەخزمێکی ماڵی کوڕەکەدا دەناردەوە (محمود، قەدحە علی، چاوپێکەوتن،٣ جانوەری،٢٠٢٢)، باوترینی هاوسەرگیریش هاوسەرگیری نێوان خزمەکان بووە ، پاش مارەبڕینی بەئایینی ئیسلام ، ڕۆژێك پێش گواستنەوە خەنەبەندان دەکرا، کەسوکاری هەردوولا لەڕەگەزی مێینە کۆدەبوونەوەو خەنە بەندانیان دەکرد، بەڵام ئەگەر کەسێکیان پرسەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ماتەمینی هەبوایە،خەنەیان تەنها لەسەرپەنجەی شایەتومانیان دەدا ،وەك نیشانەیەك بۆ دانانی رێز بۆ مردووەكەو پیشاندانی بەردەوامی پرسەكەیان. دووشەو پێش گواستنەوە،جوانترین كەس بۆ (پێخەسوو) دیاری دەكراودەنێررا بۆماڵی بووك بۆهاوكاری و رێكخستنی بوك ودروستكردنی كولیچە بەگوێزو رۆنی خۆماڵی، بەڵام دەبوو دزیەكی لەماڵی بووك بكردایە، بە تایبەتی (قاپی دارین)ی ناو رزق و خۆراكی ماڵەبوك، ئەمەش بەنیەتی هێنانی رزقی ماڵی بووك بۆ ماڵی زاوا دەبوو سێ رۆژێك پێش گواستنەوە (خورج) ئامادەبكرایە، دووتای هەبووەو كەلوپەلی تێكراوەو بە گوڵەنگ رازێنراوەتەوە،لایەكی پردەكرا لە (ئارد، برنج، رۆن) لایەكەی تری پێداویستی تری تێدەكرا،ئەم خورجە هەمووكەس نەیبووە، ئەو خورجە لەلایەن ژنێكی خەڵكی (سنە) كەناوی (خانزادبوو) دروست دەكرا لەگەڵ قاڵیەكی بچوك بۆ نوێژكردنی زاوا، (زینەت) بەردەستی بوو كە ئەویش خەڵكی شاری (سنە)بوو،ماڵی شێخان جوانترین خورجی رازاوەیان بۆ دروست دەكرا، كە بێجگە خۆیان كەس نەیتوانیوە بیكرێت، خورجی ئاسایی وسادەش ماڵەكانی (حمەكەریمی محمودی حەمەچاوەش، علی حمەعزیز،رەشەی پورە حەلیم،حاجی عبداللە) دەیاندایە هەر ماڵێك كە پێویستیان بوایە(هەمان سەرچاوە)، زۆربەی كات بەمایینی ماڵی شێخان بوكیان دەگواستەوە، برا یان خاڵ یان مامی بوك دەستی بوكی دەگرت ودەیخستە سەرماینەكە،گۆرانیبێژ دەگیراو سێ شەوو رۆژ هەڵپەركێ دەبوو، شوێنێك بۆ تەسلیم كردنی بوك بەزاوا دیاری دەكرا ،كە زۆر جار لەم زەویانەی گوندەكەدا ئەنجام دەدرا ئەویش زەویەكانی (پیشۆكەجار یان سەرساراین)بووە،دوشوێنی گونجاوی گوندەكە بوو لەو رۆژەدا،حەیوانێك لەبەرپێی بوكدا دەكرایە قوربانی،لەكاتی بەرێكردنەكەدا وبارگەی لەگەڵدا بەرێ دەكرا،بارگەكەل وپەلی بوك بوو جاجمێكی سوری بەسەردا دەدرا،لەنیوەی رێگادا پێخەسوو (هەمبانەیەك)ی پێبوو كە تورەكەیەك بوو پڕبوو لەكولیچە، تەنها پێخەسوو بۆی هەبوو بیكاتەوە، كولیچەكانی هەڵدەدا بەسەر خەڵكەكەداو دەیگووت: (لەنیەتی حەوت كورو هیچ كچ)، ئەوەش نەریتێكی كۆن بوو لەناو كوردەواریدا كە كوڕیان بە نیشانەی هێزو توانا ودەسەڵاتی خێزانەكە دەزانی،ئەوەش فەرق وجیاوازیەكی تەواوی لەنێوان هەردوو رەگەزەكەدا دروستكردبوو،كەهەتا ئێستاش ئاسەواری ئەو جیاوازیە بەڕوونی دەبینرێت،لەرێگادا گۆرانی (یارابایەو بایە) دەوترا،بەڵام ئەگەر پێخەسوو جوانتربوایە لەبووك، هەموو هاواریان دەكرد ودەیانگوت:(جاترە جاترە، پێخەسوو لەبوك جوانترە) ،لەكاتی تەسلیمكردنی بوك بەزاوا ،خەسوو یان زاوا خۆی تارای بووكی هەڵدەدایەوە ،هەرگیز رێگەیان نەدەدا بەژنێك كە دووهاوسەرگیری كردبێت،یان (بێوەژن) كە مێردی نەمابێت یان جیابوبێتەوە لەهاوسەری كە تارای بوكەكە هەڵبداتەوە،ئەویش لەترسی ئەوەی نەوەك هەمان چارەنوسی ئەوی هەبێت ،هەروەها قوماشێكی سركەییان دەهێناو سێجار بەدەوری بوكدا دەیانهێناو دەیانبردەوە،لەسەرەوە بۆ خوارەوە و بەردەوام دەیانگوت لەنیەتی حەوت كورو هیچ كچ، (هەمان سەرچاوە)، چێشت لێنان و دەنگی گۆرانی وهەڵپەركێ گوندەكەی دەهەژاند، زۆرجار خەڵكی گوندەكانی تریش بانگ دەكران بۆ شاییەكە،ئەم پرۆسەیە گرنگیەكی زۆری لەلای دانیشتوانی گوند هەبووە ،چونكە تەنها ژنهێنان نەبووە بۆ كوڕێكیان یان تەنها بەشودانی كچێكیان نەبوبێت،بەڵكو زۆر بواری خزمایەتی وتێكەڵی خێزانی تەنانەت ئاستی ئابوری وكۆمەڵایەتی زۆر لەبەرچاوگیراوە، هاوسەرگیری تارادەیەك داخراوبووە لەنێوان كەسوكاری خودی گوندەكەدا،ئەمەش بەومەبەستە نایەت كە هاوسەرگیری لەگەڵ دەرەوەدا نەكرابێت، بەڵكو ئەولەویەت بۆ هاوسەرگیری ناوخۆی بووە،لەرووی دەسەڵاتی خێزانیەوە ،باوك سالاری بووە ونەسەبی منداڵ، بۆ لای باوك دەگەرێتەوە ،فرەژنی لەناو گوندەكەدا نەبووە، بەڵام لەئێستادا زۆر بەكەمی بوونی هەیە، شوێنی نیشتەجێ بوون لەلای ماڵی باوكی كوربووە، جۆرێك لەهاوسەرگیری لەم گوندەدا هەبووە ،كەلەزۆرێك لەگوندەكانی دەوروبەری هەڵەبجەدا پەیرەوكراوە، ئەویش مارەبڕینی منداڵی كچ بووە بۆكورێك كە هەردوو ماڵەكە رەزامەندیان هەبوایە، بەتایبەتی لەنێوان خزمەكاندا، هەندێكجار كچەكە هێشتا زۆر منداڵ بووە ولەبێشكەدا بووە(منداڵی ساوا) و مارەیان بڕیوە لەكورێك, یان دەیانگوت: ئەم كچەمان داناوە بۆ ئەو كورە كەخۆیان دیاریان دەكرد،ئیتر ئەوكارە بڕابویەوەو قسەی تیادا نەدەكرا، بەدەگمەن كاتێك كورِ یان كچەكە كە گەورە دەبوون كارەكەیان هەڵدەوەشاندەوە،ئەوەش كارێكی زۆر قورس بوو بۆكچ وكورەكە لەلایەك،وەبۆ خێزانەكانیان لەلایەكی دیكەوە (هەمان سەرچاوە) ،بەڵام لەئێستادا هەر یەكێك لەوپرۆسانە، وەك دانیشتوانی شاربەرێوەدەچێت و تایبەتمەندیەكانی نەریتی كۆنی گوندەكەی لەدەست داوە، تەنانەت ئەوانەشی ئێستا دانیشتوی گوندەكەن ئەو ریورەسمە باوانەی كە لەكۆندا هەبووە پەیرەوی لێ ناكەن.

## ٢- خزمایەتی (Kinship) :

خزمایەتی یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی کە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان زۆر گرنگیان پێداوە بەتایبەتی پێگەیەکی بنەڕەتی لەتوێژینەوە ئەنترۆپۆلۆجیەکانداهەیە(حسنین ،٢٠٠٩، ٣٧٢)،چونکە ڕێگایەك بوو بۆ تەعبیرکردن لەپێگەی خۆی لە کۆمەڵگەکەدا،نەسەق خزمایەتی بەهۆکاری بایۆلۆجی پاڵپشتیدەکرێت...،ژیانی خزمایەتی سەرەتای دەستپێکردنی بەپرۆسەی هاوسەرگیری نێوان کچ وکوڕێك دەست پێدەکات، پاشان خێزانی بچوك وخێزانی گەورەو بنەماڵە (ناصر ،١٩٨٥ ، ١٢٧)، رایموند فیرث لای وایە گرنگترین جیاوازی کۆمەڵگەکانی بەرایی لەکۆمەڵگە نوێیەکان،ئەوەیە کە بە خزمایەتی فراوان (القرابة الواسعة) ناسراوە (إسماعيل، ١٩٧٧، ص٢٧٦).

لەعەبابەیلێدا پابەندی بەپەیوەندی خزمایەتی زۆر گرنگی پێدراوە، تەواوی چینەکان بەشێخەکان و خەڵکە گشتیەکەی گوندەکەوە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان هەبووە، ئەم پەیوەندیانە لەئاستێکی باڵادابووە ،بەجۆرێك هەرکەسێك یان خێزانێکی سەربەگوندی عەبابەیلێ،لەگوندێکی دیکە یان لەناوچەکانی دیکە توشی گرفتێك ببوایە، ئەوا دەسەڵاتدارانی گوندەکە (شێخان)، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پشتگیرو هاوکاری ئەوخێزانەیان دەکرد، هەتا هەندێك جار گەیشتوەتە ئەوەی کە هێزی چەکدار جوڵێنراوە، ئەمەش بۆ هەرتاکێکی گوندەکە بووە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جیاوازیەکی چینایەتی (هەواڵدەری،چاوپێکەوتن، ٥مارچ ،٢٠٢٢،هەڵەبجە) ،ریش سپی پێگەی خۆی هەبووە لە گوندەکەدا و ڕێزی لێگیراوە، زۆرجار لەم گوندەدا کێشەی گوندەکانی دیکەش چارەسەر کراوە ،بەتایبەتی بوونی چەند کەسایەتیەکی بەتواناو دەسەڵاتی شێخەکان ئەم ئەرکەی زیاتر کردبوو، چونکە بەرامبەر هەر وەزیفەیەك بەرپرسیارێتی ودەسەڵات هەیە (رشوان، حسين احمد،٢٠٠٤ ،ص١١٠)، ئەرکی دەسەڵاتداران تەنها لەگوندەکەدا نەبووە ،چونکە بێجگەخزمایەتی ژن و ژنخوازی (المصاهرة)کەلە نێوان شێخەکان خۆیاندا هەیانبووە، لەگەڵ بنەماڵەی بەگەکاندا خزمایەتی ژن و ژنخوازیان هەبووە، چونکە(داودبەگی جاف) هاوسەرگیری لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی عەبابەیلێدا دەکات ، هەرلەگوندەکەدا نیشتەجێ دەبێت و خانویەکی دوونهۆمی نایاب لەبەرزاییەکانی گوندەکەدا دروست دەکات، هەروەها خزمایەتی ئاینیان ئەرکێکی دیکەی خستبووە سەرشانیان، بۆیە لەشۆڕشی شێخ مەحمودا، شێخ کەریمی عەبابەیلێ بەخۆی وسوارە چەکدارەکانیەوە، دژی ئینگلیزو عادیلەخانم جەنگاوە ،عادیلە خانم لایەنگرو پشتگیری دەسەڵاتی ئینگلیز بووە لەناوچەکەدا وشێخانیش پشتگیری شێخ محمودبوون ،ئەویش بەهۆی بوونی خزمایەتی بنەماڵەیی وئاینی، کە هەموویان سەر بەساداتی بەرزنجە بوون (عارف، بکر حەمەصدیق ،چاوپێکەوتن،١٤جانوەری ،٢٠٢١)، چەندین جار ئەم گوندە لەلایەن ئینگلیزەوە تۆپباران کراوە، هەتا ڕقی ئینگلیز دەگاتە ئەوەی کە بەرپرسی یەکەمیان دەڵێت: من بەختەوەربووم بۆ تۆپبارانکردنی عەبابەیلێ و بەتایبەتی ماڵی (شێخ کەریم)کە کرایە ئامانجی فڕۆکەکان، (لییز، ٢٠١٩، ٧٠) ،هەروەها شەڕی دەربەندی ئەشکەوڵ کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لەناوچەکەدا، ئەم پەیوەندیانە هەتا ئێستا بەردەوامی هەیە، تەنها کەمکردنی دەسەڵاتەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،کەئێستا تەواوی پێکهاتەکانی گوندەکە، وەك یەك دەژین ئەوەش سیمایەکی ژیانی سەردەمیانەیە ،کە تەنها یاسا مەدەنیەگشتیەکان ڕۆڵی ڕێککاری کۆمەڵایەتی دەبینن، نەك دەسەڵاتی ناوخۆیی و پێکهاتەیەکی تایبەت لەناو گوندەکەدا.

## ٣- ئەرك ورۆڵی خێزان:

خێزان لەهەرکۆمەڵگەیەکدا چەندین ئەرکی بنەڕەتی هەیە، بەمانا گشتیەکەی هەموویان کۆمەڵایەتین یان کۆمەڵگایین ،بەومانایەی دەچێتە ناو بونیادی کۆمەڵایەتی وکارلێکی لەگەڵدا دەکات (الجوهری ،٢٠٠٧، ٢٢٨)، لەسەردەمانی پێشوودا ئەرکی خێزان زۆر بەربڵاو فراوان بووە وزۆرتریی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرت (الجوهری،٢٠٠٧، ٢٧٨)، کۆمەڵگەی گوندنشین کەسادەو ساکارو دێرینتربووە،ئەرکەکانیان فراوان و لەیەك جیاوازبووە، بەڵام هەریەکێکیان بەچەندجۆرێك لەجێبەجێکردنی ئەرکەکان هەستاوە، واتە ئەنجامدانی کار دیاریکراو نەبووە بەپێی پسپۆری یان ڕەگەز،بەڵکو هەریەکێکیان کاتی هەبوبێت هەستاوە بەئەنجامدانی کاربەبێ دیاریکردنی کەسەکان، بۆیە بۆچونی دۆرکهایم وایە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کار،پشت بە سیستمی هاوکاری میکانیکی (التضامن الآلی) دەبەستێت (الجوهری،٢٠٠٧ ، ١٨٩)، خێزان وەك


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

جۆر، لەعەبابەیلێدا ،جۆری خێزانی گەورە بووە، هەموو خێزانێك كە تازە هاوسەرگیریان دەكرد،لەماڵی باوكی كورەكەدا دەمانەوە، كەزیاتر لە دووساڵ لەسەر ماڵ دەمانەوە،پاشان كە كوڕی دووەم یان سێیەم نزیكی هاوسەرگیری دەبویەوە ،ئینجا ڕێگە دەدرا بەخێزانی پێشوو كە ماڵ جیابكەنەوە و سەربەخۆ ژیانیان بەڕێوە ببەن، زۆر دەگمەن بووە خێزانە نوێیەكان وەك خێزانی ناوكی (الاسرة النووية) ژیان بەسەر بەرن، بۆیە خێزانەكان ئەركی فرەجۆریان هەبووە، لەناو گوندەكاندا خێزان زۆرێك لەئەركەكان بەڕێوە دەبەن، لەسنوری توێژینەوەدا، خێزان چەندین ئەركی لەئەستۆ گرتووە، لەوانە ئەركی ئابوری وپەروەردەو پێگەیاندن و چەندین ئەركی دیكە، لەبواری ئابوریدا، خێزانەكان پێكەوە خەریكی كاركردن بوون لەناو كێڵگە كشتوكاڵیەكاندا، ڕۆڵی ژنان هیچی كەمتر نەبوو لەپیاوان لەناو خێزاندا، بەڵكو هاوكاری هاوسەرەكانیان بوون بۆ كشتوكاڵكردن وباخداری، ئاژەڵداری وئەركەكانی زیاتر كاری ژنان بوو ،لەدۆشینی مەڕوماڵات وپێدانی ئالیك وپاككردنەوەی شوێنەكانیان، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە ئەركی ماڵداری لەئەستۆی ژنانی گونددابوو، لەنان كردن وبەدەمەوەبوونی میوان پەروەردەكردن وپێگەیاندنی منداڵ، دەتوانین بڵێین كە ژنانی گوندی عەبابەیلێ ڕۆڵی سەرەكیان هەبووە لەكاروبارەكانی ماڵ و بەڕێوەبردنی شان بەشانی پیاوان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ،چەندین پیشەو كاری ڕستن وچنین و دروستكردنی پێداویستی ناوماڵ لەئەستۆی ژنانی گوندەكەدابووە،واتە بێجگە ئەركی بەخێوكردنی منداڵ وكاروباری ناوماڵ ،هەستاون بەكاری دەست ڕەنگینی وپیشە تایبەتیەكانی خۆیان وەك ژنێك، وەبەهاوكاری كردنی هاوسەراكانیشیاندا گەیشتون لەكێڵگە كشتوكاڵیەكان وبەخێوكردنی ئاژەڵەكاندا.

لەبواری پەروەردەدا، خێزان ڕۆڵی سەرەكی هەبووە ، لە وابەستەكردنی منداڵەكانیان بەخێزان ویاسا پەروەردەییەكانی ناو گوندەكە،ئەویش لەڕێگەی پەروەردەكردنێك كەلەچوارچێوەی بەها كۆمەڵایەتیەكانی گوندەكەدا خۆی دەبینیەوە،پارسونز دەڵێت: مانای پەیوەست بوون بە بەها هاوبەشەكان، ئەگەر لەلایەنی پاڵنەرەكانەوە بۆی بڕوانین، ئەوا نمایشكارەكانی یەك سۆزی هاوبەشیان هەیە لەپشتگیریان بۆ بەها نمونەییەكان (میلز ،١٩٨٧، ٤٨)، تەواوی نەریت ویاساكانی گوند لەلایەن خێزانەوە فێركراون، ڕێزگرتنی گەورەو ریش سپیەكانی گوند، جێبەجێكردنی ئەركە كۆمەڵایەتی و ئاینیەكان، بەئاگابوون لە مامەڵەكردنیان لەنێوان چینە جیاوازەكانی گوندەكەدا، ،پابەندبوون بە بەهاباڵاكانی ناو گوند، هەروەها فێری كاری كشتوكاڵی وباخداری دەكران، وهەندێكجار دەیانناردن بۆ لای ئاژەڵەكانیان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەكان وتێركردنیان، لەم گوندەدا زۆر گرنگیان بە خوێندن داوە، بەردەوام منداڵەكانیان هانداوە بۆ خوێندن وزیادكردنی ڕۆشنبیریان، لەوەشدا مزگەوت وقوتابخانە ئاینیەكان لەناو گونددا ڕۆڵی گەورەو فراوانیان بینیوە، ئەركی بەدەمەوەچوون وخزمایەتی یەكێكی دیكە بووە لە بوارەكان، كەلەپەروەردەی گوندا زۆر كاری لەسەر كراوە، چونكە كۆمەڵگەی گوندنشین بوارەكانی پەیوەندی خزمایەتی وەك پایەی هێز سەیردەكرێت، بۆیە پەروەردەو پێگەیاندن پێگەو ڕۆڵی خۆی هەبووە لەم گوندەدا، لەپاڵ ئەركەجۆراو جۆرەكانی دیكەدا ئەم لایەنەش برەوی پێدراوەو كاریان لەسەر كردووە.

## ٤- بەڕێوەچوونی هەندێك لەڕێوڕەسمە جیاوازەكان لەگوندەكەدا لەوانە:

### ١-ڕێوڕەسمی پرسەو ماتەمینی:

پرسە وەك یەكێك لە دیاردەكان، لەهەر كۆمەڵگەیەكدا نەریت وڕێوڕەسمی تایبەت بەخۆی هەیە، رادكلف - براون لەتوێژینەوەكەیدا لەسەر (الآندمان) ، ئەونەریتانەی لەدەوروبەری دیاردەی مردندابوون، دیاردەی دڵتەنگی قووڵ وقوڕدان بوو لەناوچەوان و بەرگی ڕەش پۆشین ،وەك نیشانەیەك بۆ دڵتەنگی بوو (إسماعیل ،١٩٧٧، ٤١٣-٤١٤)، ئەگەر كەسێك بمردایە لەگوندەكەدا ولەچینە ئاساییە گشتیەكە بوایە، دەبرایە مزگەوت ونوێژی لەسەر دەكرا ،لەپاش شۆردنی كفن دەكرا بەبەریداو بەرەو گۆڕستانی گوند بەڕێ دەكرا وبەخاك دەسپێررا، گۆڕستانەكان بریتی بوون لە گۆڕستانی (شەخصی وئیمام قاسم) ،ئەم دوو گۆڕستانە زۆر مێژوویەكی دێرینیان هەیە، یەكێك لەدانیشتوانی گوند ئاماژەی بەوە دەدا،كاتێك منداڵ بووە، پێنج گۆڕی گەورە لە گۆڕستانی ئیمام قاسمدا بووە، پێیان ووتوە گۆڕی (سعودیان)، كە گۆڕی سێ ژن و دووپیاوی عەرەبی سعودین ولەجەنگی فارس وموسوڵماناندا لێرەبوون ،كاتێك كوژراون لەوێدا بەخاك سپێرراون، لەئێستادا گۆڕستانێكی

دیکە زیادکراوە کە زیاتر مردووی بنەماڵەی چاوەشیەکانی تێدا بەخاك دەسپێرێت، و بەناوی ئەوانەوە ناو دەبرێت، تەواوی مردوەکانی گوندەکە بەبێ جیاوازی لەم گۆڕستانانەدا بەخاك سپێرراون، پرسەی ماتەمینی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەمزگەوتدا بەردەوام دەبوو، بەڵام کاتێك کەسێك لەبنەماڵەی شێخانی گوند بمردایە، دەبوو ژن وپیاوی گوند قوریان بدایە لەهەردوو سەرشانیان ، پاشان بچونایە بۆ پرسەکە، لەکاتی بەرێکردنی تەرمەکەیدا بەناو گونددا، تەرمەکەی دەگێڕراو ئەوانەی بەدوای تەرمەکەوە بوون ئاغا ڕۆیان دەکرد بەدوای تەرمەکەوە ،پاشان دەبرا بۆ گۆڕستان بۆ بەخاك سپاردن، بەهەمان شێوە سێ ڕۆژ پرسەی بۆ دادەنرا، لەهەمان گۆڕستانی خەڵکە گشتیەکە بەخاك دەسپێرران، تەواوی ئەندامانی گوند لەهەموو پرسەکاندا بەشدار دەبوون، هەروەها پۆشینی جل وبەرگی ڕەش لەدەوروبەری هەڵەبجەدا بەگشتی باو بووە، بۆیە لەم گوندەشدا ئەو نەریتە پەیڕەوکراوە، هەندێکجار دوو بۆ سێ ساڵ دوای مردنی مردووەکەش، ڕەش پۆشی کە نیشانەی بەردەوامیدانە بە پرسەکە بەردەوامی هەبووە، هەتا دەربڕینی خۆشی و لەبەرکردنی پۆشاکێك کەڕەنگی نەگونجاو بوبێت، بەپێی نەریتەکە بەلادان لەنەریت وبێڕێزی بەرامبەر کەس وکاری مردووەکە سەیردەکرا ،ئەنجامدەری بە چاوێکی نائاساییەوە سەیردەکرا وهەندێکجار ئاگاداریان دەکردەوە، هەروەها لێدان وداگیرساندنی ئامێرەکانی وەك ، قاوان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن داگیرساندنی جۆرێك لەبێڕێزیکردن بەرامبەر خاوەن پرسە سەیر دەکرا، چونکە لەگوندەکاندا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان زۆر بەهێزبووە، ئەو نەریتانە زۆر لەبەرچاو و دەگیراو وەك بەهایەکی کۆمەڵایەتی لەپەیوەندیەکاندا سەیرکراوە.




(وێنەی دیارترین گۆڕستانی گوندی عەبابەیلێ کەبە شەخصی ناسراوە)

**٢- جەژنەکان:**

لە بۆنەو جەژنەکاندا، خەڵاتکردن هەبووە ، گەزنەفۆن دەگێڕێتەوە چۆن لەسەرەتاکانی ئیمپراتۆریەتی فارسەکاندا، هەموو هەرێمەکان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ پێشکەشکردنی خەڵات بە(پادشای پاشاکان) بکەن، لەکاڵای گرانبەها لەووڵاتەکەیاندا، لەسەر ئەم بنەمایە دەزگای سەرانە دانرا...، بەدەستەواژەیەکی تر ئەم خەڵاتانە پێشکەش بەوانە دەکرا کەپێگەیەکی بەرزتریان هەبووە لەجیهانی دەرەبەگایەتی، هەروەك پێشتر بەپلەبەندی دەچێتە چوارچێوەی ئەوتۆڕە لەپەیوەندی.(الوکیلی ،٢٠١٦، ٣٥) بۆیە لە جەژنەکاندا ،بەرپرسی یەکەمی خێزانەکانی

گوند سەردانی کەسی یەکەمی گوندیان دەکرد کە شێخەکان بوون، پێویست بوو لەسەریان کە خەڵاتێك (هدية) لەگەڵ خۆیاندا ببەن،کە زیاتر (شەکر یان چا) بووە، تەنانەت ئەوانەی لەدەرەوەی گوندی عەبابەیلێش نیشتەجێ بوون لەهەڵەبجە یان گوندەکانی تر،پێویستبوو لەو بۆنانەدا بەبردنی هەدیەو خەڵاتەوە بگەڕانایەتەوە بۆ ناو گوندو سەردانی ماڵی کەسی یەکەمیان بکردایە، وخۆیان پیشان بدایە بە کەسی یەکەم ،ئەمە نەریتێك بوو کە جێبەجێنەکردنی لادان بوو لە نەریتی گوندو یاساکانی، بۆیە بەبێ ڕێزیکردن سەیر دەکرا وسزای هەبوو، هەرلادانێك لە یاساکانی گوندەکە کەسەکە ڕووبەڕووی سزا دەبویەوە، سزا یان بەئاشکرا لێدان وئیهانەکردن بوو،یان چەندجۆرێکی دیکەبوو وەك(سوتاندنی خەرمانی بەروبوم بوو، بڕینی کلکی ئاژەڵێکی ،یان بڕینەوەی هێرەقی جووت بوو) کە ئامرازێکبوو زەوی دەکێڵا، وەك گاسنی زەوی کێڵانی ئێستابوە، بەئاژەڵەوە دەبەسترا بۆ زەوی کێلان ، رادکلف-براون لای وایە ئەم دەسەڵاتە درێژە پێدەری ئاسایشی ناوخۆو نەهێشتنی ناکۆکیەکانە، هەروەها بەرگریکردن لێیان لەبەرامبەر دوژمندا، هەرچۆن کاروبارە گشتیەکان ڕێکدەخات (میر، ١٩٨١، ١٤١)، سزاکان تەنها لەو کاتانەدا ڕوویان نەداوە لەعەبابەیلێدا ، بەڵکو ئەگەر هەرکەسێك زوڵمی لەکەسێکی تر بکردایە، ئەوا لەجیاتی سکاڵابردن بۆ دادگا زۆرکات ڕاستەوخۆ پەنایان بۆ ماڵی شێخ دەبرد،ئەویش بەبێ وەستان مافەکانی بۆ دەسەندنەوە، چەندین جار کێشەی زۆر گەورەی چارەسەر کردووە کە کەسی تیادا کوژراوە، بەڵام شێخان پەنایان داوەو کێشەکەیان بەئاشتیانە بۆ چارەسەر کردووە، هەندێکجار خاوەن کێشە لەعەبابەیلێدا نیشتەجێ بووە ، وهەموو ژیانی لەوێ بەسەر بردووە، ئەگەر کەسێکیش لەدەرەوەی گوند کێشەیەکی هەبوایە، زۆربەخێرایی هەوڵی چارەسەریان بۆ دەداو کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکرد، لەبەڕێوەبردندا دەتوانین بڵێین لەهەرێمێکی سەربەخۆو ئیدارەیەکی جیاواز لە هەڵەبجە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبردووە و کاریان کردووە.

## بەشی سێیەم:

### ١- ژیانی ئابوری گوندەکە:

بابەتی گوزەران و ژیانی تاکەکانی هەرکۆمەڵگەیەك، بەستراوەبەکارو پیشەو هەوڵدانەکانیان بۆدابینکردنی بژێوی و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی وپڕکردنەوەی پێداویستیەکان، هەمیشە بنەما ئابوریەکانی هەرکۆمەڵگەیەك نزیکە لە واقیعی کۆمەڵگەکە، کە تەعبیر لەبەها و شێوازەکانی بژێوی ژیانیان دەکات (النوری، ١٩٨١ ، ١٧٦ ). لەکۆمەڵگە بەراییەکاندا ئاسان نیە بتوانیت دابەشبوونە ئابوریەکان بە ووردی وتەواوی دیاری بکەیت، چونکە لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری نائابوریدایە، وەك خزمایەتی، بیروباوەڕە ئاینیەکان، پێگەسیاسیەکان وچەندین هۆکاری دیکەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان (أبوزيد، ٢٠١١، ٢٢٢). هەرچەندە جۆرەها کار لەناو گوندەکاندا هەبێت،بەڵام کشتوکاڵکردن کەبەرهەمە ئاژەڵی و ڕوەکیەکان دەگرێتەوە، دیارترینی پیشەکانە(رشوان، ٢٠٠٥، ١٥٩)، لایەنی ئابوری وباسکردنی کورتەیەکی ،پەیوەستە بەو پەیوەندی وکارلێکەی لەنێوان نەسەقەکاندا هەیە،ئابوری سنوری توێژینەوەکە ، وەك گوندەکانی دیکەی کوردستان، لەسەر کشتوکاڵ وباخداری وئاژەڵ بەخێوکردن وەستاوە، لەوەرزی زستاندا زیاتر پشتیان بە ئاژەڵداری وبەرهەمە ئاژەڵیەکان بەستووە بەتایبەتی لەپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا،بەرهەمی ئاژەڵی لەعەبابەیلێدا نەبراوەتە بازارەکانی هەڵەبجەو دەوروبەری بۆ فرۆشتن،لەوانە (ماست ودۆو کەرەو ڕۆنی کوردی)، چونکە شێخانی گوند کەدەسەڵاتداربوون ،پێیان باش نەبوەو بەعەیبیان زانیوە ئەو بەرهەمانە ببرێنە بازاڕ بۆفرۆشتن، ئەتوانین بڵێین بەکارێکی بچوك وکەم بایەخیان زانیوە،لەڕووی کشتوکاڵکردنەوە،جۆرەها بەرهەم لەم گوندەدا چێنراوە،زەویەکانی گوندەکە بەزۆری موڵکی بنەماڵەی شێخەکانی ناو گوندەکەبوون، دانیشتوانەکەی بەبەشکاری لەگەڵیانداکاریان بۆکردون،زۆرێك لەبەرهەمەکان لەکاتی دروێنەدا براونەتە ماڵی شێخان، ئەمەش دەسەڵاتێکی زیاتری بەڕێوەبردنی دابویە چینی شێخەکان لەناو گوندەکەدا، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٠)داو لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا (لجان التسوية) دەرچووە بۆ زەویە دورەکانی دەوروبەری شارە گەورەکان،بەتایبەتی زەویە کشتوکاڵیەکان لەوکاتانەدا ئەو زەویانە بەدەستی کێوە بوبێت وسەرپەرشتی کردبێت ودەسەڵاتی هەبووبێت، شایەتیان هێناوەو لیژنەکە کردویەتی بەناوی ئەوانەوە،لەهەندێك شوێندا بەگەکان دەسەڵاتداربوونو کراوە بەناوی بەگەکان،لەسنوری ڕانیە

ئاغاكان دەسەڵاتداربون وزەویەكان زۆربەی بەناوی ئەوانەوە تاپۆكراوە،لەهەورامان شێخان دەسەڵاتیان هەبووەو زەویەكان زۆربەی بەناوی شێخانەوەیە،لەشارەزووردا بەگەكان دەسەڵاتیان هەبووەو زۆربەی زەوی بەناوی ئەوانەوە تاپۆكراوە،بەڵام لەعەبابەیلێدا هەتا ساڵی (١٩٥٦) بەگەكان هەبوون لەدوای ئەو ساڵانەوە هەر (لجان التسوية) دەرچوبێت شێخان خاوەنی بوون ودەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام شێخانی عەبابەیلێ هەرگیز بەزۆر زەوی كەسیان داگیر نەكردووە،هۆكاری ئەوەی زۆربەی زەویەكان بەناوی شێخانەوەبووە دووشت بووە بەگشتی ،یەكەم: نەزانی وبێ ئاگایی خەڵك لەیاسای خاوەنداریەتی،دووەم: بوونی دەسەڵاتی شێخەكان،چونكە دەوڵەت كە (لجان التسوية)ی دەنار بۆ هەرناوچەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەكەدا دەكرد (عارف، بكرحەمەصدیق،چاوپێكەوتن،٣جون ،٢٠٢٢)،بەرهەمەكانی باخداری، پێكهاتبوون لە (هەنار، هەڵوژە ، قۆخ،قەیسی، هەنجیر،ترێ، هەرمێ) ،بەپێی زانیاریەكانی دانیشتوانی گوندەكە، كشتوكاڵكردنیان لە كۆندا زیاتر بریتی بووە لەچاندنی (گەنم، جۆ ، توتن) ،هەروەها ئەو بەرهەمانەی كە پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیان بووە لە( تەماتە، كولەكە، بامێ باینجان خەیار، بیبەر، لۆبیا، پاقلە، ترۆزی وسەوزەكانی وەك شێلم وسڵق هتد..)،بەرهەمی زیادەی گوندەكە بەرەو بازاڕەكانی دەرەوە دەنێرران بۆ هەڵەبجە وهەورامان، هەندێك بەرهەمی دیكە هەبوون، وەك گەنم و جۆو جەوت و ترشەهەنار بەرەو ناوچەكانی كەلارو خانەقین دەبران ، لەوێ دەیانفرۆشتن یان دەیانگۆڕینەوە بە دووبەرهەمی دیكە، بریتی بوون لە (خوێ یان خورما) (جمال، سەید كامل، چاوپێكەوتن، ١١ دیسەمبەر،٢٠٢١)، دانیشتوانی گوندەكە دەگێڕنەوە كە بەچاوی خۆیان ووشتریان بینیوە هاتوەتە عەبابەیلێ ، خورماو خۆێیان هێناوە بۆ فرۆشتن وشمەكی تریان كڕیوەتەوە، لەئێستادا باخداری بەردەوامە و ئاژەڵداریش بەڕێژەیەكی زۆر كەمی كردووە، هەروەها كشتوكاڵكردن بەتەواوی نەماوە، چونكە زەویەكانیان  بووەتە پرۆژەی ئاوەدانكردنەوە، لەوانە پرۆژەی كەمپی زانكۆی هەڵەبجە، پرۆژەكانی گۆران سیتی، چەندین دۆنم زەویيان بووەتە چەند گەڕەكێكی پارێزگای هەڵەبجە، دانیشتوانی ئەم گوندە ،توانیویانە سود لەبەرهەمە سروشتیەكان وەربگرن، بڕینی دار لەچیاكانداو بردنی بۆ شار بۆفرۆشتنی،هەروەها لەچیای شنروێدا چاڵەبەفریان دروستكردووە، بەفریان تیادا هەڵگرتووە بۆ وەرزی هاوین بردویانە بۆ ناوشارو فرۆشتویانە، بەپێی زانیاریەكان هەشت چاڵە بەفریان هەبووە، زستانان بەفریان تیادا هەڵگرتووە و هاوینان دەریانهێناوە وسودیان لێ بینیوە، بۆبەكارهێنان و بۆ فرۆشتن یان گۆڕینەوەی بەگەنم یان جۆ،وەك سەرچاوەیەكی دارایی بەشێكیان سودیان لێ بینیوە، بەڵام پارەی فرۆشتنی بەفر لەهەفتەكەدا ڕۆژێكی بۆ ماڵی شێخان بووە كە ڕۆژی هەینی بووە،واتە لەڕۆژی هەینیدا هەر بارە بەفرێك بفرۆشرایە دەبرایەوە بۆ ماڵی شێخ (هەواڵدەری، چاوپێكەوتن ،٥مارچ ،٢٠٢٢، هەڵەبجە) هەروەها سودیان لەبەرهەمە گژوگیاییەكانی وەك ،گنگر وتۆڵەكەو گۆزروانەو كوزەڵە وچەندین بەرهەمی دیكەی سروشتی بینیوە، لەلایەكی دیكەوە پیشەكانی، دوكانداری، بنێشت كردن، دارتاشی، كوتاڵفرۆشی، بەرگدروو لەناو گوندەكەدا هەبوون، بوونی كانی بەرد كەسودیان لێ بینیوە بۆ فرۆشتنی وەك كەرەستەیەكی بیناسازی ،بە دانیشتوانی دەوروبەرو ناوشار لەكاتی خانو دروستكردندا،پیشەكان بەگشتی كاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر لایەنی مادی وباری ئابوری گوندەكە،ئەمە ئەگەر چالاكیەكی ئابوری بوبێت ،هۆكارێكیش بووە بۆ زیاترگەشەپێكردنی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانی نێوان ئەم گەوندەو شاری هەڵەبجەوگوندەكانی دیكەی دەوروبەری.

بەتایبەتی لەنێوان هەردوو چینەپێكهێنەرەكەی گوندەكەدا، چونكە زۆربەی زەویەكانی موڵكی شێخانی گوندبووە، دانیشتوانە گشتیەكەی دیكە بۆ بەردەوامی دان بەژیانیان ،پێویستیان بەو زەویانە هەبووە بۆ چاندن بەبەرهەمە فرەجۆرەكان، بۆیە ئەمە وای لێكردبوون كە هەمیشە تەواوكەری یەكتربن و پێویستیان بەیەكتری هەبێت، چونكە شێخەكانی گوند كاری كشتوكاڵ وچاندنیان نەدەكرد، بەڵكو جڵەوی فەرمانڕەوایی گوندەكەیان بەدەستەوەبوو، هەروەها لە دەرەوەی گوندەكەش  كەسێكی گوندەكە توشی كێشەیەك ببوایە، ڕاستەوخۆ شێخەكان وەك دەسەڵاتی گوند ،دەهاتنەدەنگ لەسەریان وبەرگرییان لێ دەكردن و مافەكەیان بۆ دەسەندنەوە بەبێ جیاوازی چینایەتی ناو گوندەكە،واتە دەسەڵات وهێزیان ،پەیوەندی تەواوی بەكاری بازرگانی وسیستەمەكانی دیكەی گوندەكە هەبووەو تەواوكەری یەكتربوون، كەسانی گوند دەگێڕنەوە كە قافڵەیەكی بازرگانیان بەرەو گەرمیان توشی چەند چەتەو ڕێگرێك دەبنەوەو بارێكیان دەبەن ، هەواڵ دەگاتە گوندەكە كە قافڵەكە توشی گرفت بوون، ڕاستەوخۆ شێخان خۆیان ئامادە دەكەن، هەواڵ دەنێرن بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەی گەرمیان،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەئەگەر هەرقافڵەیەکی بازرگانی عەبابەیلێ توشی ڕێگری وتاڵانکاری ببێت، ئەوا دەدەین بەسەر ئەو ناوچەیەی تاڵانیەکەی تیاداکراوەو تۆڵەیان لێ دەکەینەوە، بۆیە لەو کاتە بەدواوە قافڵەکان کەتوشی ڕێگرەکانیش دەبوون، ڕێگریان لێ نەدەکرا وبگرە زۆربەڕێزەوە بەڕێ دەکران(عارف،بکر حەمەصدیق، چاوپێکەوتن،١٤ جانوەری ،٢٠٢١)، ئەمەئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەعەبابەیلێدا نەسەقەکان پێکەوە گرێدراو بوون، نەسەقی کۆمەڵایەتی وپێگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبووە لەڕووی ئابوری وسیاسی ورێککاری کۆمەڵایەتیەوە.

## ٢- ئەنجامەکانی توێژینەوە:

١- درەختستی ئەوڕاستیەکە ژیانی گوندەکان، یاسایەکی ناوخۆیی نەریتی بەڕێوەی دەبات، کە تەواوی تاکەکان ملەچی یاساکانی بوون.

٢- ترسناکی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لەسەر حسابی ناوچە کلتوری ودێرینەکان وزەوی وزارەکانیان،ئەمە بێجگە لەزیانە ئابوریەکەی زیانی کۆمەڵایەتی وکلتوری ونەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە.

٣-پاراستنی پەیوەندی خزمایەتی، ویەکرێزی لەگوندەکەدا وبەهێزی هەستی نەتەوەیی وشۆڕشگێری.

٤- بەهێزی پەیوەندی ئەم گوندە بە گوندەکانی ناوچەکانی دیکەوە، بوونی خزمایەتی ئاینی وپەیوەندیان بە شێخەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی بەگشتی.

٥- کاڵ بوونەوەی جیاوازی چینایەتی ونەمانی نەریتە باوەکان لەناوگوندەکەدا،بەهۆی ئەوگۆڕانکاریانەی لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا ڕووی داوە.

٦- بەهێزی پەیوەندی نێوان نەسەقە جیاوازەکان لەژیانی گوندەکەدا، وکاریگەریان لەسەریەکتری.

## سەرچاوەکان:

### ١- سەرچاوە کوردیەکان:


١- غەفور،عەبدوڵلا.( ٢٠٠٣). کوردستان دابەشی کارگێڕی تریتۆری(١٩٢٧-١٩٩٧). سلێمانی ،هەرێمی کوردستان،عێراق: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە .

٢- کوردستانی، محەمەد مەردۆخی. (٢٠٠٧).( مێژوی کوردوستان . م. سەعید). سلێمانی ،هەرێمی کوردستان، عێراق: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

٣- لییز،د.جی.ئیم. ( ٢٠١٩). (دوساڵ لەباشوریکوردستان.ف .حەسەن عەزیز).بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان .


### ٢- سەرچاوە عەرەبیەکان:


١- أبوزيد، أحمد. ( ٢٠١١). البناء الاجتماعی (المفهومات). الاسكندرية ،مصر: دار المعرفة الجامعية طبع ونشر وتوزيع .

٢- أبوزيد، أحمد . ( ٢٠١١). البناء الاجتماعی (الانساق) . الاسكندرية ،مصر: دار المعرفة الجامعية طبع ونشرو توزيع، ج الثانی.

٣- إسماعيل، قباری محمد.( ١٩٧٧). رادكلف- براون. الاسكندرية ،مصر: منشأة المعارف، .

٤- أبوسعد، الدكتور أحمد عبداللطيف و الختاتنة، والدكتور سامی محسن .( ٢٠١٤). سيكولوجية المشكلات الاسرية. عمان. الاردن : دار المسيرة للنشر والتوزيع الطباعة .

٥- تيلوين ، د.مصطفى .( ١٩٨١). مدخل عام فی الانثروبولوجيا .بيروت، لبنان :دار الفارابی منشورات الاختلاف،.

٦- الجوهری ، الدكتور محمد .( د.س). الانثروبولوجيا أسس نظرية وتطبيقات عملية . جمهورية مصر العربية، الاسكندرية :دار المعرفة الجامعية طبع- نشر-توزيع .

٧- الجوهری، محمد .( ٢٠٠٧). المدخل الی علم الاجتماع. (د.م).(د.ن) .

٨- الحسن، د.إحسان محمد ( ٢٠٠١). موسوعة علم الاجتماع. بيروت، لبنان :دار العربية للموسوعات .

٩- حسنين، سامية على. ( ٢٠٠٩). مدخل الى الانثروبولوجيا . (د.م) :مطبعة برلين.

١٠- حمادة، مصطفى عمر. ( ٢٠١٠). علم الانسان مدخل لدراسة المجتمع والثقافة. (د.م):دار المعرفة الجامعية .

١١- رشوان، د.حسين عبدالحميد أحمد. ( ٢٠٠٤). علم إجتماع التنظيم . الاسكندرية، مصر :مؤسسة شباب الجامعة .

١٢- رشوان، د.حسين عبدالحميد أحمد. ( ٢٠٠٥).علم الاجتماع الريفى . الاسكندرية، مصر :مؤسسة شباب الجامعة .

١٣- سليم ، د.شاكر مصطفى .( ١٩٨١ ). قاموس الانثروبولوجيا .(د.م) .(د.ن).طبعة الاولى.

١٤- فرانكفورت ، شاڤا و داڤيد. ناشمياز .( ٢٠٠٤). (طرائق البحث فى العلوم الاجتماعية. ل. الطويل) . سوريا،دمشق : بترا للنشر والتوزيع .

١٥- مرسى ، د.محمد عبدالمعبود .( ٢٠٠١ ).علم الاجتماع عند تالكوت بارسونز بين نطريتى الفعل والنسق الاجتماعى.(د.م):مكتبة العليقى الحديثة .

١٦- ماتيوز ،بوب و روس، ليز.( ٢٠١٦). (الدليل العملى لمناهج البحث فى العلوم الاجتماعية.م. الجوهرى) ،(د.م): المركز القومى للترجمة .

١٧- ميلز، سى رايت. ( ١٩٨٧). (الخيال السوسيولوجى. ص. جواد الكاضم). بغداد :دار الشؤن الثقافية العامة .

١٨- النقشبندى، سلام احمد عبدالله العبابيلى البرزنجى النقشبندى.( ٢٠١٦) . المواقع الاثرية فى سهل شهرزور، بغداد ،العراق:مطبعة الكتاب .

١٩- النورى ، د.قيس . ( ١٩٨٣). المدخل إلى علم الانسان. الموصل،عراق : مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل .

٢٠- ناصر ، الدكتور إبراهيم .( ١٩٨٥) .الانثروبولوجيا الثقافية. عمان، الاردن :جمعية عمال المطابع التعاونية .

٢١- الوكيلى، يونس.( ٢٠١٦). تراث الانثروبولوجيا الفرنسية، مؤمنون بلاحدود مؤسسة دراسات وأبحاث .

٢٢- يتيم، عبدالله.(١٩٨١). كلود ليفى ستراوس قرأءة فى الفكرالانثروبولوجى المعاصرة . ديمشق،سوريا: دار النينوى للدراسات والنشر والتوزيع.